www.kurdistannet.org
4-2-2003 22:34

# کارەسات

هیشام ئاکرەیی

ئەفیندارێکی بێ دڵ وهەست
بە فێڵ و پەسنی نارەوا،
لێمان کرد بە مەم و زینیش،
بە خەملێکی بۆتانی
پێشکەشی کرا.
کەسانێکی بە درێژای تەمەنی
بەیتێکی شیعری
نە ئافراندی،
کرا بە شاعیر و دیوانیشی
لە چاپدرا.
*******
تێکدەرانی کولتوور و ئەوانەی
گۆرانییەکیان نیە،
کران بە سترانبێژ و
سیدیشیان بۆ سووتێنران.
کەناڵە ئاسمانیەکانی کوردی
ڕاگەیاندنی بینراو،
شەڕیانە، چاوپێکەوتن بکەن
لە گەڵیاندا.
ئەم بلیمەتانە، دەبێ هەموو وشەکانیان
توومارکرێن، گەل بیانناسێ.
کەوۆکم لێ لێ
دەبێ بە هەموو دەنگێکی کوردی
هەبێت.
بە تایبەت ئەوانەی دەرەوە
گرنگ نییە کەو بکەن بە،
مریشک یان کۆتر
گرنگ ئەوە بسترن.

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت

ڕۆژئاوایین و پاسپورتی
ئەجنەبیان پێیە.
*******
هەر کەسێک قەڵەم هەڵگرێ
نووسەرە!
داهێنانمان ببێ بە ڕق،
هەڵوێستمان بە نۆکەری،
ڕەخنەمان بە جنێو،
گرنگ نیە،
گرنگ ئەوە بنووسین.
*******
چاودێرێکی کوێر و سەقەت
سیاسەتمەدارێکی کۆنە بەعسی
مشەختیکی پاراسیت و سۆسیال پەرست
نووسەرێکی هەلپەرست
ئەگەر
گەل و وڵاتیان بکەوتە دەست
بەشە ڕزگارکراوەکەی
باشووری کوردستانیش
دەدۆڕێنن و
دەیکەن بە تۆز و با.
2003-02-04

**تێبینی کوردستان نێت**:
مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.
ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... ٢٠٠٣-١-١٥